# ڕونکردنەوەیەك لەلایەن کۆمیتەی دژی شەڕ لە سویسرا

## خۆپیشاندانێکی شکۆدار و ئاشتییانە دژی شەڕی ئەمریکا لە بەرامبەر عێراق لە 2003/2/15

ئێمە کە زیاتر لە 120 پارت و ڕێکخراوی سویسرین بانگەوازێکمان دەرکردووە بۆ خۆپیشاندان لەژێر دروشمی "نا بۆ شەڕ دژی عێراق، نا بۆ خوێنڕشتن لە پێناوی نەوت"، لە دوا دانیشتنی خۆماندا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم خۆپیشاندانە خاڵێکی بەهێزی هاوبەشمان ئەوەیە کە ئێمە هەر هەموو لەسەر بەرێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەهێز و ئاشتییانە هاوڕاین.

ئێمە لەم بانگەوازەی بڵاومانکردۆتەوە کە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکا ڕەت ئەکەینەوە هەروەکوو چۆن نامانەوێ ئەم خۆپیشاندانە ببێتە هۆیەك بۆ پشتیوانی لە ڕژێمی دیکتاتۆری صدام، بۆیە ئەگەر لە ڕۆژی شەممەدا کەسانێکی سەر بەو ڕژێمە دیکتاتۆرە وێنەی صدامیان بەرزکردەوە ئەوا لەگەڵ ویستی ئێمەدا پێچەوانەیە و ئێمە ڕایدەگەیەنین کە ئەوانە دوورن لە ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە و ئەو 120 ڕێکخراو و حیزبە و ئەو جەماوەرەی ناڕەزایەتی دەرئەبڕن.

هەروەها ڕایدەگەیەنین کە چالاکییەکانی ئێمە لە دوای 2003/2/15 شەوە هەر درێژەی ئەبێ و لە حاڵی ڕوودانی شەڕدا خۆپیشاندانی جەماوەری لە زۆربەی شارەکانی سویسرا بەڕێ دەخەیەن.

هیواداریـن خۆپیشاندانەکانمان شکۆدار و بەهێز و ئاشتییانە بێت.

**لەلایەن کۆمیتەی بەڕێخستنی خۆپیشاندانەوە:**

پاولۆ گیلاردی

نیکۆ لوتف

کرستیان تزیلەر

ئێریس ڕێبەر

2003/2/13